کەرکوک... دروستکردنی پاڵاوگەیەکی گەورەی نەوتی خاو

پارێزگاری کەرکوک دروستکردنی پاڵاوتگەیەکی گەورەی نەوتی راگەیاند ،ئاماژەی بەوشکرد" پاڵاوتگەکە لە توانایدا هەیە ڕۆژانە 70 هەزار بەرمیل نەوتی خاو بپاڵێوێت و هەلیکاریش بە سێ هەزار کەس دەخسێنێت".

ڕەبوار تەها پارێزگاری کەرکوک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند:" ئەمڕۆ 30یi2025 ڕەکەوتنەکمان لەگەڵ کەمپانیای رانیە بە دروستکردنی پاڵاوتگەیەک لە کەرکوک ئیمزا کرد، کە لە توانایدا هەیە ڕۆژانە 70 هەزار بەرمیل نەوتی خاو بپاڵێوێت".

ئاماژەی بەوشکرد:" پرۆژەکە یەکەمجارە لە شاری کەرکوک ئەنجامدەدرێت، لەکاتێکدا کەرکوک یەکەمین شارە کە بیری نەوتی لە دەزراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا پاڵاوتگەیەکی وەبەرهێنانی نەوتی تێدا نەبوو، هەروەها نزیکەی پێنج ساڵە پرۆژەکە دواخرابوو، گرفتی گەورەی بە دروستکرابوو، بەڵام ئەمە لە ئیدارەی کەرکوک هەموو کۆشکانمان چارەسەر کرد و لە ئەمڕۆوە دەست بە دروستکردنی پاڵاوتگەکە دەکرێت".

پارێزگاری کەرکوک راشیگەیاند:" پرۆژەکە لەسەر رووبەری 900 دۆنم زەوی بونیاد دەنرێت، پاشاوتگەکە کاردەکات بە ئەوەی لە داهاتوودا کەرکوک نەوتی بەرهەمهێنراوی خۆی هەبێت،هاوکات بێنزین و نەوتی سپی و گاز و بەرهەمکانی دیکەی نەوتی لە بەرهەمدەهێنرێت، هەروەها ئەم پرۆژەیە دەرفەتەکە بە رێخساندنی هەلیکار لە شارەکە و زیاتر لە سێ هەزار هەلیکار دەخسێنێت".